


TAYBETNAMEY NOZDEHEMÎN
MÊHRECANÎ ŜANOY KURDÎ SEQQIZ
5-9 SERMAWEZÎ 2024

# نۆزدەهەمین فستیڤـــاڵی
# شانـۆی کـوردی سـەقـــز
# 5 – 9ی سەرماوەرزی 2024

TAYBETNAMEY NOZDEHEMÎN
MÊHRECANÎ ŜANOY KURDÎ SEQQIZ
5-9 SERMAWEZÎ 2024

استانداری کردستان · اداره کل فرهنگ و ارشاد اسلامی استان کردستان · اداره کل هنرهای نمایشی ایران · معاونت استانداری و فرمانداری ویژه شهرستان سقز · سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی استان کردستان · شهرداری سقز · شورای اسلامی شهر سقز · انجمن هنرهای نمایشی استان کردستان · دبیر خانه دائمی جشنواره تئاتر کردی سقز



به درێژایی فێستیڤاڵی شانۆی کوردی، باس لەوە کراوە چلۆن شانۆی کوردی گەشە بکا و چلۆن بتوانێت پێناسەیەک بۆ خۆی تەرخان بکات. بەردەوام خاوەن بیران وناوبژێوانەکان ئاماژەیانبەم خاڵانە کردووە: نەبوون یان کەم بوونی دەقی شازی شانۆی کوردی! ڕێگەچارە: دەبێ نووسەرانی کورد بۆ دەوڵەمەند کردنی شانۆی کوردی دەقی باش بخوڵقینن و تەنیا فێستیڤاڵ و گرتنی چەند خەڵاتێک مەبستیان نەبێت. بەردەوام خریک کاری شانۆیی بن و شانۆ بەرنە نێو خەڵکەوە، چوون دەبێت ئەوە بزانن کە خەڵک گرینگ ترن لە فێستیڤاڵ. کاتێک دەڵێن: شانۆ ژیانە و ژیانیش شانۆیە باشە تۆ بڵێی ژیانی خاوەن بەرهەم و ژیانی هونەرمەند لە کوێی ئەم درووشمەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت؟ هەرگیز بیرمان لەو کردووتەوە بۆ گەشە کردنی هونەر دەبێت خاوەن هونەر ئاسایشێکی هەبێت ؟ هەرگیز بیرمان لەو کردووتەوە لەم قەیرانی ئابورییەدا هونەرمەند یان نووسەر چلۆن دەتوانێت بە بێ پاڵ پشتی بەردەوام خریک کاری هونەری بێت و بدرەوشێتەوە؟ پێش لە بەر چاو گرتنی ئەزموونی وڵاتانی دیکە ئەمە حاشا هەڵنەگرە، هونەر کاتێک گەشەی کردووە کە دەسەڵات پاڵپشتی لێ کردبێت. باش وایە لێرەدا ئاماژە بەم شێعرە بکرێت: ئەگەرخەمی نان لێم گەڕێ بەستە لە سەر بەستە دەڵێم! بەڵام بە داخەوە دەسەڵات تەنیا شتێک بۆی گرینگ نییە هۆنەر و ژیانی هۆنەرمەندانەئێوە پێتان باش نییە کاتێک دەسەڵات پاڵپشتی ئەوتۆی هونەر و هۆنەرمەندان ناکات، بۆچی خۆمان نەبین بە پاڵپشتی یەکتر و بە دانانی سەندیکاییەک، بە بەشداری هۆنەرمەندان و نووسەران ئەو بۆشاییە پڕنەکەینەوە. خۆمان ببین بە پاڵپشتی خۆمان و هەرکات دەسەڵاتیش بە بێ بەرانبەر یارمەتی سەندیکاکەی داین و ئاسانکاری کرد بۆ ئیزن دان بەم سەندیکا و لێمانی نەکرد بە بڤە،ماڵی ئاوا بێت. زۆر دڵتەزینە کاتێک لە تۆڕە کۆمەڵایتیەکان جاروبار باس لەوە دەکرێت، هونەرمەندی لێ قەوماوە وەرن قۆڵی هێمەت هەڵماڵن و یارەمەتی ئەو هونەرمەندە بدەین! وەرن لە جێگای قۆڵ هەڵماڵین و دەست دەرێژ کردنەوە لە ئەم و ئەو کە زۆر ناشیاوە، قۆڵ هەڵماڵین بۆ دانانی سەندیکایەک بۆ هۆنەرمەندان و نووسەران کە ببێت بە مەکۆیەک بۆ لە نێو بردنی گیروگرفتەکانی ئەندامان بە پێی توانایی خۆی، چ لە بواری ئابووریدا وچ لە بواری هونەریدا! ئەوسا دەبینن کە بە پاڵپشتی خۆمان و سەندیکاکەمان، هۆنەرمان چلۆن گەشە دەکا وئینجا بە ئەرخاینیەوە دەتوانین بڵێن شانۆ ژیانە و ژیانیش شانۆیە!


**خاوەن ئیمتیاز**

دایەرەی فەرهەنگ و ئێرشاد

**سەر دەبیر**

ڕەزا ڕۆستەمی

**دەستەی نووسەران**

سوومەیە یووسفیان

جاوید روح فەدا

کامەران غەفووری

**گرافیک**

حامید حەسەنی

**نووسین و هەڵەگر**

ناوەندی باران



ئیسماعیل پاشایی
دەبیری فێستیڤـاڵ

## ڕێزنامە

شاری سەقز بە شانازیەوە بە خۆیەوە فەخردەکات کە بووەتە مەکۆی هونەرێ وا بە ژیانەوە گرێ دراوە.
بە سەربەرزیەوە ئێمە زۆر خۆشحاڵین بۆئەوەی توانیمانە پەردێ لە نێوان هونە رمەندانی کورد وا لە هەر کوێی ئەم جیهانەدان ساز کەین.
بە سەربەرزیەوە ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە توانیومانە ئەم مەشخەڵە وا شانۆ کارانی کورد هیوایان پێ بەستووە هەتاکوو ئێستا نەمان هێشتـوە بکوژێتەوە و بەردەوام هەوڵی ئەوەمان داوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم مەشخەڵە پرشنگدارتر بێ.
بە سەربەرزیەوە ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە توانیمانە چرای نۆزدەهەمین فێستیڤاڵ بە یارمەتی شانۆکارەکانی کورد چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات هەڵبکەین و میوانداری هەموو شانۆکاران و ئەوێندارانی ئەم هونەرە زیندووە بین!
ئێمە منت باری هەموو شانۆکارێکین وا بەردەوام هەوڵیان داوە ئەم مەشخەڵە نە کوژێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشاوەتر بێ.
پێویستە ئەو ڕاستییە لە بەر چاو بگیرییەت کە ئەم فێستیڤاڵە بە تەنیا مۆڵکی سەقزنییە و هەموو تاکێکی کورد، لە هەر کوێی دونیادا دەژی، خاوەنییەتی.
هەر لێرەوە سەری ڕێزو حورمەت دادەنێم بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هەموو شانۆکار و هونەرمـەندێ کە بـەو پەڕی حەز وخۆشەویستیـەوە پاڵپشتی فستیڤاڵـی شانۆی کوردی بوون و هەن.
جێگەی خۆیەتی لێرەوە دەستخۆشی بکەم لەو بەرپرس و دایرە و ئێسپانسێرە خۆشەویستانەی وا بە دڵفراونییەوە پاڵپشتمان بوون هەتاکوو ئاڵای ئەم فێستیڤاڵە شەکاوەتربێ.

























Taybetnamey Nozdehemin
Mehrecani Sanoy Kurdi Seggiz
5_9 Sermawez 2024

# رەخنە





کامران غەفووری

رەخنە

# شانۆی تۆ، تۆ کێیت ؟

دەرهێنەر: بەرهەم ئەحمەد

شانۆی تۆ، تۆ کێیت بە دەرهێنانی "بەرهەم ئەحمەد" و نووسینی "کەریم جسیر" لە ڕۆژی یەکەمی فێستیڤاڵ نەمایش کرا و باس لەو رەنجە ئەکات کە لە هەشتاکان بە سەر کورددا هاتووە. هەر بەم بۆنەوە ئەگەڕێینەوە بۆ ئەو باسە مێژووییەی نێوان کارەسات و رەنج و هونەر و ئەم پرسیارە ئەورووژێت کە ئەو شانۆیە یان بە گشتی هونەر چۆن لەگەڵ ئەم ڕەنجە ڕووبەڕوو ئەبێتەوە؟

پیرمو لیوی لە کتێبی "ئایا ئەو مرۆڤە؟" باس لە سێ دەستە و تاقم لە جووەکان ئەکات کە لە ئۆردووگاکان نازی بە زۆر کاریان ئەکرد و بەردەوام ئازار ئەدران.

تاقمی یەکەم و دەستەی یەکەم ئەو جووانە بوون وا دەستیان بە دەمیان ئەگەیشت لە شوێنێکەوە شتێکیان بۆ خۆیان جۆر ئەکرد و بە هەندێک گرتنی پەیوەندی ئەو رەنج و ژانەیان لە خۆیان بڕێک دوور ئەکردەوە واتا کەمتر ئازار ئەدران.

تاقم و دەستەی دووهەم هەمان چینی ناڤینی جووەکان بوون ئەمان بە هەر شێوازێک هەوڵیان ئەدا پەیوەندی بگرن و خۆیان و بنەماڵەکەیان کەمتر ئازار بدرێن، بەڵام تاقمی سێهەم نە پارەیان بوو بیساون بە دەم نازییەکان و نە جۆرە ئیمکانێک کە لەو رەنجە بەردەوامە دەرباز بن، ئەو ئەم تاقمە بە "مۆزلێمان" ناو لێ ئەبات. واتە وشەکە لە چەشنی رکووع کردنی مۆسڵمانەوە ئەگرێت. ئەڵێت ئەمان ئەونەها ئازار دراون کە بەو شێوازە کووڕ بوونەتەوە. دوو تاقمەکەیتر ئەڵێن ئێمە هیچمان لە مۆزلێمان نائەزانی و هیچ کات نەمانبینین جگەلەوەی جار لەگەڵ جار کووڕ تر ئەبوونەوە واتا ئێمە هیچمان لە رەنج و ئێشی مۆزلێمان نازانین و هەر ئەو رەنجەی کە ئەرەستوو بە کاتاستڕۆف ناوی لێ ئەبات. ئێستا باس لەوەیە ئێمە لە نواندن و گێڕانەوەی ئەو رەنجە چەنێک سەرکەوتووین؟



دەرهێنەر: بەرهەم ئەحمەد

که وایه سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە ئەم مۆزلێمانەی ئەم شانۆیە تا چ ئاستێک ئەتوانین ببینین و بیانناسین؟ ئێدوارد سەعید لە نەزەریە ئۆریانتالیسم باس لە چەمکێک ئەکات وەک ئەو شتەی سارتر پێی ئەڵێیت دۆزەخی ئەویتر واتا ئەو دونیایەی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی خولقاندووە ئەو جیهانەیە وا ئەڵێت ئەبێت تێیدا بن نەک ئەو جیهانە وا خۆمان لە راستی تێیدا بووین، هەر بۆیە بانگەشە کردن بۆ خولقاندنی خۆمان لە جیهانی خۆمان بانگەشەیەکی پیرۆزە.

هێگێل ئەڵێیت: باسی ئاشنا تەنها بە هۆی ئاشنا بوونی ناسراوە و دیار نییە بۆمان کە واتە ئەو رەنج و کێشەیەی تاکی کورد ئەزموونی کردووە رەنگە بە هۆی ئەزموون کردنی تەنها بۆی ئاشنا نییە کە وایە هەموومان بە پێویستی ئەزانین دیسان و دیسان نواندنی ئەو رەنجە بەڵام بە شێوازێکی نوێ و شانۆیی.

لەم شانۆیە ئەرکی سەرەکی زانیاریدان بە بینەر لە ڕێگەی گێڕانەوە بوو نەک نواندن کە واتە پێش هەموو شتێک ئەبێت زیاتر لە سەر گێڕانەوە بدوێین تا نواندن.

لەم جۆرە شانۆگەلە کە برێشت بە واتا ئاڵمانییەکەی بە وێرفرێم دانگسفێخت (Verfremdungseffekt) ناوی لێ ئەبات، مەودا سازی و نامۆ کردن رۆڵێکی هەرە گرینگی هەیە واتا چەشنە مەوداسازییەک وا درووست ئەبێت لە زۆر شوێن پێت ئەڵێت تۆی بینەر راستە کارەسات ئەبینیت بەڵام هاوکات لە زۆر شوێن ئەو مەودایەت بۆ درووست ئەکات کە بە دژی شانۆ ئەرەستوویەکەی پێش سەدەی20 کە ئەڵێت ئەمە چارەنووسی داسەپاوی قارەمانە و تۆی بینەریش لەگەڵی هاوبەشیت. لەکۆتایی شانۆی تۆ، تۆ کێیت؟ کاتێک داوای خۆڵەکان لە بینەر ئەکات ئەم مەودایە بە درووستی و بە جوانی لەم شانۆیە جێکەوتووە و درووست بووە بەڵام هەر لە دژی ئەمە بۆ نموونە کاتێک برێشت لە شانۆنامەی دلاوەر و مناڵەکانی وەک مانیفێستی چەشنی شانۆی خۆی، دایکە ئەڵێت من خۆشم لە شەڕ دێت و شەڕ هەر زۆر باشە لە دوایی هۆکاری زۆر ناهێنێتەوە بۆ ئەم وتە وەک ئەکت ئەبینین شەڕی پێخۆشە بۆیە ئەتوانیت بە ئیشی نەوت فرۆشتنی پەرە بدات کە وایە سوودی هەیە بۆی بەڵام لەم شانۆیە کاتێک کابرای پەنجە قرتاو دێت و هەر کات کەسێک ئەبات بۆ ئێعدام کەسایەتی ئەڵێت من خۆشم لەوە دێت و لە درێژە هۆکاری بۆ دێنێتەوە تەنانەت لە زۆر شوێن ئەو گێڕانەوەیە ئەونەها بە سەر باری دراماتیکی دیالۆگەکان زاڵە کە کاراکتێر بە جێگەی کایە کردنی هەستەکان، هەستەکە وەک پڵاتفۆڕمی چیرۆک ئەگێڕێتەوە کایەی ناکات و ئەمە وەک خەسارێک بۆ ئەم کارە دێتە ئەژمار کە واتە بە جێگەی نواندن ئیمە زۆرتر ئەبیستین تا ببینین.

ژرار ژێنێت یەکێک لەو گێڕانەوەناسانەیە کە بۆ کات زۆر بایەخ دادەنێت و لە پەیوەندی نێوان کات و ڕووداو باس لە چوار جۆری ئەکات.



کامران غەفووری





ڕووداوێک وا یەکجار ڕووی داوە و یەکجار ئەگێڕدرێتەوە
ڕووداوێک وا یەکجار ڕووی داوە و nجار ئەگێڕدرێتەوە
ڕووداوێک وا n جار ڕووی داوە و n جار ئەگێڕدرێتەوە
ڕووداوێک وا n جار ڕووی داوە و یەکجار ئەگێڕدرێتەوە

لێرە دوو جۆری دوایین ئەو باسەیە کە لەم شانۆیەدا زۆر باسی لەسەرە و کارەساتێک بە سەر n کەس ڕووی داوە و n جار گێڕانەوەی هەیە بەڵام لە یەک ساتەوەخت کە واتە دەرهێنەر ئەبێت بۆ ئەو ساتەوەختە هەستیارە پلانێکی تایبەتی ببێت. بەڵام ڕێک لەو کاتە لەگەڵ "ژانۆسی" ترین چەشنی ئەم شانۆیە ڕووبەڕوو ئەبین کاتێک دایک ناناسێت بە هۆی ئەو هەمووە ئازارەی، لە هەمان کات گاڵتە بە یەک ئەکەن کاتێک بڕیاڕ وایە لەگەڵ تراژیک ترین دۆخی شانۆکەڕووبەڕوو بین بە گاڵتەجار وڵامی یەک ئەدەنەوە. ئەمە ڕێک هەمان ڕواڵەتە ژانۆسییەیە وا کاتێک "تەیموور" یەکێک لەو مۆزلێمانە زیندووەکانی کورد، لە کارەساتی ئەنفال بۆمان ئەگێڕێتەوە هەندێک شوێن لە کارەساتەکەمان بە پێکەنین بۆ ئەگێڕێتەوە.

ڕەخنە

مۆختار کەریمی

# پـــــەڕگاڵ

دەرهێنەر: مۆحەمەد مووسا ئۆغڵوو



شانۆی پەرگاڵ کارێکی تایبەت لە شاری ئەستەمبۆڵە و بە شێوازی مۆنۆلۆگ باسی دۆخی مەترسیداری شاری کوردنشینی حەسکیف دەکات لە باکووری کوردستان، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 12 هەزار ساڵ پێش و بە شاری ئەشکەوتە درووستکراوەکانی مرۆڤ ناسراوە و خاوەنی 300 ئاسەواری دیرۆکی و مێژوویی و 200 ئەشکەوتی کەونارایە کە هێشتا مرۆڤ لە ناویاندا دەژین. دەوڵەتی تورکییە بە درووست کردنی ئاوبەندی ئیلیسۆ، دەیەوێت ئەم شارە مێژوویی و دیرۆکییە و هەمو ئاسەوار و ئەشکەوتەکانیشی بخاتە بن ئاو و لە ناویان بەرێت. دەوڵەتی تۆرکییە دانیشتووانی شارەکەی بە زۆرەملێ بۆ شوێنێکی دیکە ناردووە و لە داهاتوودا بە پڕئاوبوونی ئەم ئاوبەندە، شاری حەسکیف و مێژووی 12 هەزار ساڵەی شارستانییەتی کوردی و میرنشینەکانی ئەو شارە بۆ هەمیشە لە ژێر ئاودا نوقم دەبێت. خەڵکی شار دوایی راگواستنیان بۆ شوێنی دیکە، مردووەکانیشیان لە گۆڕستانی شار دەرهاورد و لەگەڵ خۆیان بردوویانن.

شانۆکە بە دیمەنێک لە گۆڕستانەوە دەست پێدەکات و مردوویەک لە ژێر خوڵەوە دەست دەردەهێنێت و دێتە دەرەوە و لەگەڵ سەما و مووسیقادا دەکەوێتەگەڕان و وتە. بەسەرهاتی حەسکیف، لە زاری مردوویەکی ناو گۆڕستانەکەوە باس دەکرێت، کە بە جەستەیەکی خوێناویی و خۆڵاوییەوە لە ژێر خۆڵی گۆڕستانەوە سەردەردەهێنێت و دەکەوێتە سەمای مەرگ و چامە خوێندن و هۆرە و بالۆرە کردن و ناڕەزایەتی دەربڕین. مردووە خوێناوییەکە بۆ هاتنی لۆدێر و ماشینەکانی ئاوبەنددرووست کردن، شین دەگێڕێت و دەگریەت و بە داهێزراوییەوە هاوار دەکات: ئەز حەسکیفم... ئەز حەسکیفم...

مردووەکە باسی کۆمەڵ کوژی و شەڕ و خوێن و هاتنی وێرانکاری دەکات، کە لەسەر دەستی دەوڵەتی تورکییە خەریکە روو دەدات و ئەمیشی هاوردووەتە هاوار و گریان. ئەم بابەتە ئاماژە بە وتەکەی مەحموود بوزئەرسەلان رۆژنامەوانی کورد دەکات کە لە ئەلمانیتۆردا نووسیویەتی: زیندووەکان حەسکیفیان بەجێ هێشت و ئێستە نۆبەی مردووەکانە. وەک بڵێی بە نوێنەرایەتی لە مردووەکانی گۆڕستانی شار سەریهێناوەتە دەرەوە و هاوار دەکات و ناڕەزایەتی دەردەبڕێت.



شانۆکە یەک ئەکتەری پیاوی هەیە و ئەکت و جووڵەی لێهاتوویانەی ئەکتەر بە باشی مەرگ و خوێن و دەرد و ژانی مردوویەکی لە مەرگڕاچەناو پیشان دەدات کە ئاماژەیەکە بۆ ئەمەگناسی کوردان بۆ مێژوو و دیرۆکی خۆیان و ئەوەی کە تەنانەت مردووە کوردەکانیش هاواری مانەوە و پاراستنی مێژوو و ئاسەوارەکانیان دەکەن، ئەڵێی ئەمجارە لە وڵامی دەرهێنانی مرددووەکان لە لایان زیندووەکانەوە، مردوویەک راچەناوە و هاوار بۆ حەسکیف دەکات، بەڵکوو جیهان بێتە سەر خەت و بەر بەم کۆمەڵکوژی و دیرۆککوژییە بگرێت. مۆسیقای شانۆکە لە مووسیقاکانی ناوچەکانی باکووری کوردستانە و سۆز و خەمێکی دڵتەزێن دەرژێنێتە نێو شانۆکە و لەگەڵ سەمای مردووەکەدا دەبنە چامەیەکی خەماوی و تەماوی. ئەکتەر دوایی ماویەک دێتە ناو جەماوەر و گەڕانی مردووەکە بەناو هۆڵەکەدا سەر و چاوەکانی بینەرەکان دەسوورێنێت و یارمەتی زیاتری ئاوێتە بوونی سەرنجی بینەر لە ناو چیرۆک و خەمی مردووەکە دەدات و ئەڵێ دەیەوێت جەماوەریش بکات بە هاوڕێی خۆی و هاوتای خۆی. هونەر بە گشتی و شانۆ بە تایبەتی، کاریان گەیاندنی هزر و فکرێکە و ئەم مەبەستە بە ئاوێتەیەک لە مووسیقا و هەست و چیرۆک و ئەکتەوە مسۆگەر دەبێت. ئەم شانۆیە بە هەڵبژاردنی گۆشەنیگایەکی نوێ بۆ ئەم بابەتە، توانی لە مێهرەجانێکی نێونەتەوەیی، دەنگی خۆی بگەیەنەتە بەردەنگەکانی و بەرانبەر بەم دیرۆک-کۆژییە ناڕەزایەتی خۆی پیشان بدات.

رەخنە

# شانۆی سڕینـــــەوە

دەرهێنەر: شەماڵ فەهمی

مەسعود رەحیمی







سەرەتا لە دەقی شانۆکەدا روانگەییکی نوێ لە خوێندنەوەی مەرگی داهێنەری رۆلان بارت بەدی دەکرێت کە هەندێ ئاسۆ و رەهەندی جیاوازی تێدایە. ئەگەر مەرگی نووسەر لەلای رۆلات بارت دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی بەرهەم و بە دابڕاوی دەزانی لە کەسایەتی نووسەر بەڵام لەم دەقەدا ئەمە بەرهەمە کە لەگەڵ داهێنەر تووشی کێشە دێت و لەهەمبەر حوکم و ئەمری ئەودا یاخی دەبێت و بەرهەڵەستی دەبێتەوە. لێرەدا مەرگی نووسەر لەسەر دەستی بەرهەم دێتە ئاراوە و ئیرادەی کەسایەتی نێو بەرهەمەکە بەسەر ئیرادەی حوکمڕانی نووسەردا زاڵ دەبێت.

کەسایەتی فانتازییایی بەرهەم دەگۆردرێ بۆ بوونێکی زیندوو و خاون دەنگ کە چیدی نایهەوێ لە ژێر رکێفی نووسەردا بەسەر بەرێ.

دەرهێنەر شەماڵ فەهمی دیسان ئاسۆییکی فراوانتر لە دەق دەخاتە پێش چاوی بینەر و بە سانایی بەڵام بە روانینێکی قووڵ چوار ئەکتەر و چەند دەمامک بەشێوازی بەکار دێنی کە رەهەندی فاناتزیایی دیمەنەکان و ئەکسێسواری مەسرەح چیرۆکێکی بەربڵاوتر لە دەقەکە دەگێڕێتەوە.

ئەکتەرکان بەوپەڕی تواناوە ئامانجی دەق و دەرهێنەر دەپێکن و بە کرداری دراماتیک و گۆڕینی لەحن و بەرز و نزمی دەنگ و بیچم و جوولەی گونجاو خەیاڵی بینەر لەگەڵ خۆیان دەفڕێنن.

هەر لە دەسپێکی شانۆکەوە و لە یەکەم چرکەکاندا سالار ماهر بە وردی و کردارێکی شانوویی پوخت و بەئەزموون ئاڵۆزی و ناسەقامگیری مێشک و کەسایەتی و کاراکتێری نووسەر وەها دەنوێنێ کە وەک مۆگناتیسێکی بەهێز سەرنجی بینەر بۆ خۆی و شانۆکە رادەکێشی و تا کۆتایی لە سەر سێن رایدەگرێ.



سامان داروەند

# شانۆی دەنگمان نابیستن

دەرهێنەر: عەلیڕەزا ئیسماعیلی

شانۆی «دەنگمان تابیستن»دەیهەوێت، تیشک بخاتە سەر تارماییەکانی شەڕ ئەم بەرهەمە چاودێری دەرئەنجامەکانی شەڕ دەکات بۆ کەسانێک کە زۆرجار هیچ ڕۆڵێکیان لە ڕوودانی شەڕ دا نییە، ژن و منداڵ و پیاوی مەدەنین و بە جۆرێک بێ دەرەتانن.

کارەکە بە گشتی ئاماژە ئەکات بە شەڕ و لێکەوتەکانی شەر، بەڵام لەم ڕووەوە دیدێکی مێژوویی نییە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە شەڕ لە هەر مێژوویەکدا و لە هەر جوگرافیایەکدا، ئەو ڕەشایی و کاولکاری و توندوتیژییەی کە دروست دەکات، ژیانی مرۆڤیش بە هەمان شێوە لەناو دەبات.

لەم ڕوانگەیەوە شانۆگەری و نمایشی «عەلیرەزا ئیسماعیلی» بە کارێکی کۆنکرێتی دەزانم. چونکە هەرکات لە هەر شوێنێکی جیهان شاهیدی شەڕێک بین، لە عەینی حاڵ دا هەمان کارەساتەکان بەسەر مرۆڤیشدا دێت و خودی ئەمەش بووەتە ئازارێکی باوی مرۆڤ.

ژن و شەڕ،

ژن و دەسەڵاتی سیاسی،

کاریگەری، بوونی پیاو لە پاڵ ژن

و لە کۆتاییدا ژن و جەستەی دەبنە بناغەی ناوەرۆکی شانۆی "دەنگمان نابیستن".

ئەم بابەتە کە ئەو کەسانەی لە ژیاندا نەماون ڕۆڵی زیندوو دەگێڕن، خۆی کاریگەرییەکی سۆزداری باشی لەسەر بینەر هەیە.

ژیان لە کوێیە؟

وکێ لە ڕاستیدا دەژی؟

یەکێکە لە تەوەرە باشەکانی شانۆکە؛

بۆچی شەڕ لە ژیانی مرۆڤدا بوونی هەیە؟





بۆچی دەبێت ئەو کەسانەی کە شەڕیان نەویستووە تەحەممولی بکەن و تاوانەکانی بدەن؟

ئەم پرسیارانە کاریگەری سۆزداری شانۆی "دەنگمان نابیستن"ە کە کاریگەریان لەسەر بینەر هەیە.

هەروەها دەقی نمایشەکە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی پارچەپارچە یان گێڕانەوەی لاوەکی نارێک دامەزراوە کە دەتوانرێت لەسەر بنەمای گێڕانەوەی «پۆستمۆدێرن» هەڵسەنگێندرێت.

ئەو گێڕانەوەیانەی کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی هۆکار و کاریگەری کلاسیک و هێڵیی نین، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕووداوە ناپەیوەندیدارەکان، بەڵام بەردەوامەکانی ناو نمایشەکەن؛ وە لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان ڕێسای لۆژیکی و کۆنەپەرستانە نین، ناتوانرێت چاوەڕوان بکرێت کە هەمان فۆرمی هێڵی کلاسیکی لە فۆرمی جێبەجێکردندا پیشان بدەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەسەر بنەمای فۆرمێکی بەڕواڵەت پارچەپارچە و لە یەکتر جیا کراوە، دێنە سەر شانۆ، بەجۆرێک کە نمایشی "دەنگمان نابیستن" لەم ڕوانگەیەوە «جوانی ناسی فۆرم» بەستراوەتەوە بە «جوانی ناسی گێڕانەوە».

یارییەکانی ناو نمایشەکە تا ڕادەیەک وزەبەخشن بەبێ ئەوەی بگۆڕدرێن بۆ یاری زیادەڕەوی، بەڵام نە پاراستنی ریتمی نمایشەکە و خاو بوونی لە رادە بەدەری ریتمی نمایشەکە لە ڕوانگەی نواندنەوە تا کۆتایی ئەتوانیرێت لە خاڵە لاوازەکانی ئەم بەرهەمە بێت.

یارییەکان تێکەڵەیەکن لە یاری «فانتازیا» و یاری «ئیپیکی»، کە لە ئەنجامدا جۆرێک لە ئەدای «ئیرۆنی» لێدەکەوێتەوە.«هەرچەند لە زۆر شوێن شپرزی و وێڵ بوونیان بە تەواوی پێوە دیارە»

کێشەی نمایشەکە ئەو وردبینیانەیە کە بۆی کراوە و کاریگەری لەسەر بەشێک لە دەق و بەشێک لە نمایشەکە و تەنانەت لێکەوتەکانی نمایشەکەش هەبووە و بە جۆرێک زیانی پێگەیاندووە.

ئەم بەرهەمە، بە شێوەیەکی «مۆدێرن» و «ئیمپێرسیۆنیستی»، هەوڵ ئەدات بە شێوەیەکی وەسفی ڕووداوەکان بگێرێتەوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە کەشێکی زەینی، ژن و پیاوانی پەیوەندیدار بە دۆخەکەوە، باسی ئەو نامانە دەکەن کە هەیانە و نووسراون، یان سەرقاڵی نووسینیانن و ئەم واگۆییەش، ئەو گێڕانەوە لاوەکییانەن کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پرسی دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و پێشێلکردنی تایبەتمەندی دەستدرێژکاران دەوروژێنن.

ئەمە دەتوانرێت دیسانەوە ئێمە بەرێت بەرەو پرسەکانی «زوڵم و زاڵم و مەزڵووم»، «جورم و جەنایەت و بێتاوانی» و.....

# ئەفسانەی ئەسپە ئازادەکان

دەرهێنەر: مائێدە دارلەکی



عەزیز نێعمەتی

بەشی یەکەم دەقی شانۆ

شانۆ لە دو ڕەهەندەوە دەڕوانێتە کێشەی مرۆڤەکان. وەکو هابز مرۆڤەکان بە سەر دو بەشەوە دابەش دەکا ، لەو شانۆیەیشدا مرۆڤەکان دو لایەنن.

1– مرۆڤ وەکو هەبوونێکی سروشتی

2– مرۆڤ وەکو هەبوونێکی دەستکرد/مەسنوعی

ئەو بەشەی یەکەمی مرۆڤ(مرۆڤی سروشتی) دەتوانێ لە بەشی دوهەمەکەی شتێکی دەستکرد ساز بکا بۆ وەدیهێنانی هەر چەشنە داواکاری و ئاواتە بەجێ یان بێجێیە سیاسیەکانی خۆی.

لە شانۆی "ئەسپە ئازادەکان" دا ، ناوەندی باسەکە ئەوەیە کە مرۆڤە سیاسیە دەسهەڵاتخوازەکان، قەت کوتایی بە ویست و ئاواتەکانیان نایێنن. حەتا ئەو ڕادەیە کە ئامادەن لە بەشی دوهەمی خۆیان ئامرازێک سازکەن بۆ وەدی هێنانی ئەو پەڕی داخوازەکانیان و بۆ ئەو کارەش ئامادەن پەنا بۆ هەر چەشنە جینایەت و کارەساتێکی وەک هێرشکردن، داگیرکردن و کۆمەڵکوژی بەرن. شانۆ خۆی دەقی چیرۆکێکە کە بە ڕواڵەت کردەوەی مرۆڤە دەستکردەکان(لە شانۆ دا سەربازەکان) لە جوغرافیایێکی تایبەتی وەکو بەشێک لە کوردستان (ئەنفال، کیمیا باران، کۆمەڵکوژی گەڵی زیلان یان دێرسیم) دەگێڕێتـــەوە، بەڵام دە عەینی حالدا گێرانەوەی هەموو چەشنـــێ داگیرکەری و کۆمەلکوژی لە هەر بەشێکی جیهانە.



واتە شانۆ خۆی بە گشتی دەکرێ وەک وێچوانێکی/جاکستاپوزیشێنێکی هەنەری بێ کە دەبێتە ئاوێنـــەیـــەک کە ئەو هەموو کارەساتانە دەنوێنـــێ کە مرۆڤی سیاسی دەستهەڵاتدار بە سەر خەلکی بێدەستهەڵات دا دەسپێنێ.

لەو گێڕانەویـــە دا، شانـــــۆ تۆشی زمانێکـــــــی ئالۆز و پێچاوەیە دەبـــێ کە پڕە لە لە نیشانە ناسی و خوێنەر و بینەر مجبور دەبێ بە ڕێگای سیمیولۆژیەوە بچێتە ناخی شانۆیەکە.







2– لێرە بە پێویستی دەزانم تەنیا بۆ ڕۆنکردنەوەی تێما گرینگەکانی شانۆ بە خێرایی باسی هندێک لەم نیشانانە بکەم.

1) تەکنیکە سەردەستەکەی گێڕانەوەی شانۆی "ئەسپە ئازادەکان" ، فلاش بەگە، واتە ئەو کەسانەی کە ئەرکی ڕاوی دەگێرن زۆربەیان مردوون و تەنیا وەکو شتێکی ئەفسووناوی لە شانۆ دا زیندوون ، لێرە تەکنیکی وانوێراوەی مردووەکان زیندون پێویستێکی هونەریە بۆ ئەوی کە مێژووی کارەساتەکان یان کارەستە مێژووییەکان ،لە زار ئەو کەسانە بگڕدرێنەو کە خۆیان قوربانی کارەسات بوون. ئەو تەکنیکە ڕاستەوڕاست بە بینەر و خوێنەر دەسەلمێنی کە ڕووداوەکان واقعین.

2) دایک کەسیەتی سەرەکی شانۆ یەکەم لرسیار کە لە ڕۆلە کچەکەی خۆی دەپرسێ ئەوەیە:

" من ئەو کارەساتە ئەوەندە دەگێرمەوە، بۆ ئەوەی خەلک لە دواڕۆژدا ترسی گێڕانەویان نەبێ.

لەو تکنیکە دا گێڕانەوە دەبێتە هۆی مان و بەرخودان.دەبێتە ڕەسم و عادەتێک کە ترسی بەرخودان دەشکێنی، واتە عادەت سازیەکی هونەری داز دەبێ، کە یەکێک لە تکنیکە هونەریەکانی ئەدەبیە، لە چەمکەکانی ئەدەبیدا ئەو تەکنیکە وەک وەک عادی سازی/habitualization بە ناو کراوە.

رەخنە

# ئەفسانەی ئەسپە ئازادەکان

دەرهێنەر: مائێدە دارلەکی

عەزیز نێعمەتی

3) دایک خۆی کە لە شانۆ دا ئاوسە و لە لایان ئینسانە دەستکردەکان /سەربازەکان زگی هەدەدرە و منالەکەی لە پاش ئەو زیندوو دەمێنە، خۆی نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە دایک سەرچاوەی زان ، ژیان و ئازادیە. بۆیە لێرە دیسان تەکنیکی وێچواندن چا دەبە، دایک ئەوڕۆی کورد ئەلێی ئاناهیتایە یان مەریەمی موقەدەسە کە ڕۆلەکەی وەک میترا یان مەسیح ئرکی رزگار کردنی خەلکی لە ئەستوویە، بەلام لەو شانۆیە دا بە پێچوانە پێهاتە شێکێنی دەکرێ و ڕۆلە ئەو دایکە نە تەنیا کوڕ نێ بەلکو کچکە کە دوای پەروەردە بوون لە کانگای ئەسپە ئازادەکان دەگەریتەوە ولاتی خۆی بۆ رزگارکردنی خەلک و ولات.

3) دایک لە گۆت و بێژێک دا لە دەستپێکی شانۆ دا باوک بە کچەکەی دەناسێنێ، دەلێ:
"ئەرێ زەوی باوکت هەر ماوە؟ ئاخر باوکت بە زەویوە گێرێدرا بوو، ئەو پیوێکی بە شەرەف، خۆبەخش ، فیداکار و عاشققی ژیان و نەجیب بوو."
باوک لە جوغرافیای کوردیدا ئەواله پێناسە دەکرێ و لە بەر ئەو تابەمتمەندیانە ناتوانێ خۆفرۆش بێ
4) دواتر بە بێ برانوە سەربازەکان /هەمان ئینسانە دەستکردەکان وەقسە دێن ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە نجابەت و شەرافەت شرۆڤەیەکی جیاوازی هەیە، ئینسانەکان لە لای ئەوانەوە مردوون، شەرافەت و نجابەت لە لای ئەوان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی ئەربابانی ئەوانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە جوغرافیای بوون تەنیا جێگەی مردنی ئینسانە بێ دەستهەلاتەکانە، لێرە قسەی نیچە وەبیری خوێنەر یان بینەر دێتەوە کە ئینسانی بێ دەسهەلات شایانی مردنە، جگە لەوە ئەلێرەدا باسێکی نوێ دێتە گۆڕێ،
باسی بۆچۆنیمۆدێرنیتە و جیهانی بوون لە گۆشە نیگای فەلسەفەی فوکووە، فۆکو دەلێ :
"مرۆڤ داهێنانێکی نوێە کە کە بەر بە نابوودیوە دەڕوا"
وتەیەکی سەیر و سەمەریە، مەبەستی فوکو دەبێ لەو قسەیە چ بێ. وادیارە فوکو بەو قسەیەی قەلبی مۆدێرنیتە دەکاتە ئامانج.
ئەو مەبەستی ئەویە کە یەک لە شوناسەکانی مۆدێرنیتە ئەوەیە کە ئینسان سوژە یە و تەواوی شتەکانیتر وەکو بوون، سروشت و مرڤە بێ دەسهەلاتدارەکانیش تاوانباران و دەبێ ببنە قوربانی بەرژەوەندی دەسهەلاتدارنی مۆدێرن. ئاشکەرایە مۆدێرنیتە بۆ هێندێک لە ولاتان جیهان جگە لە وێرانی و بەدبەختی و کۆمەلکوژی دەستکەوتێکی نەبووە.



4) بەشی دوهەم
تەکنیکە شانۆییەکان
ئەگەر بێت و ئەرکی دەرهێنەر تەنیا لە چوارچێوەی میزانسێنەکان دا بنرخێنین، و میزانسێنەکانیش لە جم و جۆلی ئەکتەرەکان لە سەر سەحنە گرێبدەین، دەتونین بلێین کە شانۆی "ئەسپە ئازادەکان" لە بواری دەرهێنەری و ڕێنمونی کردنی ئەکتەرەکان زۆر بە جوانی ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە کە ئەوش دیاری دەکا هەم دەرهێنەر و هەم شانۆگەرەکان بە درستی خالە دیارەکان و خال
لە شاردراوەکانی دەقیان دۆزیتەوە.
ئەکتەرەکان  لە سەر سەحنە ئازادند چۆن بجۆلێنەوە، هەر ئەو خالە نیشان دەدا کە دەرهێنەر لە سەر سەحنە بە شێوازێکی دێنوکراتیک عەمەل دەکا، ئەو شێوازە لە زۆربەی گێرانەوە و کردەوەی ئەکتەرەکان لە شانۆ دا دیاردەیەکی نوێیە. گێرانەوەی داستان لە جم و جۆلی ئەکتەرەکان لە سەر سەحنە بە جوانی وەدی دەکرێ.
سەحنە بە شێوازێکی سابیت بە سەر سێ بەش دا دابەش دەکرێ :
بەشی بنەوی شانۆ
بەشی پشتی شانۆ
و بەشی بانی شانۆ
هەر ئەم دابەشکردنە ڕێگا دەدا بە دەرهێنەر کە وەزعییەتی فیزیکی و ڕەوانی کاراکتەرەکان بە جوانی لە سەر سەحنە بنوێنێ، تا کو هەم وەزن و هەم ریتمی کارەکە بەدەست بێنێ و هەم گێرانەوێیکی دورست لە ڕوداوەکان بدە بە بینەران. نواندن و تەراحی سەحنە ، کارێکی پر لە واتە  و کارتێکەر ە، و بەشێکی زۆری جوانیناسی شانۆیەکەی ڕادەگەینێ، پنجەرەکان کە جار دەرگای دیالۆگن و جار دەرگای زەوی گەنمی هێز و گەشەکردن و جار دەرگای شیکایەت و سوکالا و جاریش دەرگای هیوای ڕووە ئایەندە ، و جاریش ئاوێنەی کۆمەلکوژی و جاریش نیمادی مالێکی هێمن و هێور، هرکامیان دەکرێ نیمادی بەشێک لە ئاوات و هیواداری و گێرانەوەی مێژوویەک بن کە پڕە لە ترس و خۆف و گۆمان. نۆر بە جوانی و بە دورستی لە سەر سەحنە وەکو پێویست دێتە سەما و هەول دەدا روحی بینەر بباتەوە نێو ڕووداوەکان. ڕەنگەکان بە گوووڕەی توانایی خۆیان دەتوانن ئامرازی ڕاگوێستنەوەی تێمایەکان بن. لیباسەکان بە ڕاستی نیشاندەری ناسنامەی جوغرافیای ڕووداوەکانن و خۆیان دەبنە نیشانەیەک بۆ ئەوەی کە بینەر بزانێ شوێنی ڕووداوەکان کوێیە.
و لە کوتایی دا دەبێ لەبیرمان نەچێ کە مۆسیقا  هاوڕێ دەگەل وەرگێڕانە کوردیەکە دەقی شانۆ واتە و چێژێکی تایبەتیان داوە بە شانۆ، بە ڕاستی لە وەرگێڕان بینەر هەست بە وە ناکە کە دەقە سەرەکییەکە بە فارسی نۆسرابێ. زۆر شتی کە ڕەنگە بینەر یان خوێنەر بباتەوە سەردەم و شوئنی ڕووداوەکان لە لەحنی وەرگێڕانە کوردیەکەی شانۆ دا وەدی دەکرێ.

ڕەخنە

## دوایین خۆزگە یا پەیکی ئاخری هاڕۆڵت پینتێر

جاوید رۆح فەدا



دەرهێنەر: حەسەن تەرەقی



شوێنێکی تەنگ کە وتوویژێکی نادیار نیشان دەدا!
باریکاییەکی رەش کە تەنگ بوونی شوێنەکە دڵ تۆقێنە!
بازپۆرسێکی سادیسمی و مازۆخیسم وێرانگەر نیشان دەدرێت!





پینتێر یەکێک لە بنەماکانی نووسینی لە سەر زمان دەڕوات، بە پێچەوانەی زۆر کەس لە زمانێکی ئاسایی و سانا کەڵک وەردەگرێت. ئەم دەقەی پینتێر سیاسییە کە زیاتر باس لە ئەشکەنجە و نابەرابەری لە دونیا دەکات.کاتێک کە باس لە پێ-شێل -کردنی مرۆڤایەتی دێتە پێشەوە، پینتێر نەقشی نیکۆلاس، نیشانەیەک بۆ حکوومەتێکی دیکتاتۆری دادەنێت.نیکۆلاس جۆرێک کایەیەکی رەوانی ڕێ دەخات کە بە جێی ئەشکەنجە کردنی جەستە، بە رۆح و رەوانی پیاو دەچێتە خوارەوە و رێک لەو کاتەیدا کە دیالۆگ دەڵێت: وتوویژی خاسمان کرد لە گەڵ ژنەکەتدا،ئەڵبەت حاڵی خاس نەبوو، ژنەکان مانگی جارێک وایان لێدێت. رووخاندنی پیاو لەو کاتەدا روو دەدا، نیکۆلاس تا شوێنێک کە لە گەڵ منداڵەکەیش قسە دەکات سادیسم بوونی خۆی بە جوانی نیشان دەدا. هەروەها کە پینتێر لە دەقی شانۆکەدا باس لە دەستدرێژی جنسی دەکات، دەرهێنەر توانیویەتی لە بەشی سێهەمی کارەکە کە نیکۆلاس لە گەڵ ژنەکە قسە دەکات نیشانی بات، رێک لەو دیالۆگەی: کێ ها لەو بانەوە ها؟ ها؟ ها؟ ها؟ ژن..... پیاو.... پیاو....پیاو.... و تێک دەچێت.

لە بەشی ئاخری شانۆکە کاتێک کە نیکۆلاس لە سەر میزەکە دێتە خوارەوە ئەچێت و دەستی پیاو باز دەکات، هاوکات لە گەڵ رزگار کردنی، وەک قۆفڵێکی گەورە لە ژیانی پیاو بات رێک لەو کاتەی کە جلەکانی منداڵەکەی بۆ دەهێنێت. لە درامایەکی سیاسی ناتوانین حوکم بەین بەڵکوو تەنیا ئەو رووداوانە نیشان دەدرێت. ئەمە لە کاتێکدایە لە هەموو شوێنێکی دونیا ئەشکەنجە هەر بووە و هەر هەیە و هەر دەیشبێت. بێ عداڵەتییەک کە لە سەر دەقی شانۆکە هەیە، دەرهێنەر توانیویەتی ئەو پیسی و ناشرینییە بە بینەران نیشان بدات، لە دوایین خۆزگە ئەوەی کە دیمان لە بەین چوونی هەزاران بنەماڵەی ئاوا لە هەموو جێگەیەکی دونیادایە، کە بۆ زۆر کەس بایەخی نەبوو، بەڵام بۆ کەس و کارەکانیان لە بێدەنگیدا ماونەتەوە و لە ناو خۆیاندا خنکاون.

# دادگەی شاە ماران

دەرهێنەر: هاعەبدۆلعەزیز

شکۆ عومەر کاکەرەش

وا نەتەوە دژەکەی کە لە لەوپەڕی فاشیەتدا سەدان ساڵە دەیسڕێتەوە، رابردوو بۆ خۆی دەبات ئەویش لەرێگەی دزینی ئەفسانەکانیەوە کە بونیادی نەتەوەیی تێدا دارێژراوەتەوە.
ئەم هەوڵەی دەرهێنەر لەو دیمەنەدا دەگاتە ترۆپک کاتێ کەسایەتی نوسەر لەسەر ستەیج دێتە خوارەوە لە بینەر نزیکتر بێتەوە تا لەپەنا گوێیدا پێی بڵی بەئاگاوەرەوە و فریای رابردووی خۆت بکەوە، کاتێکیش هیچ بەرپەرچێک لە بینەر نابینێت بەوپەڕی شکستەوە هۆڵی نمایشەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە دەرەوە.
لێرەشدا دەکرێ دیدێکی (سارتەر)یانە بە گوتار ببەخشین کە ئەو باوەڕی بە ئەدەب و هونەری پابەند هەیە کە پێویستە بەردەوام لە هەر قۆناغێکدا بێت رۆڵی کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی بگێڕێت، بەوەی کە دەبێت ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو واقیعەی کە تێیدایە، هەروەک خودی خۆشی ئەو بۆچوونەی کرد بە بنەما بۆ کارکردن کاتێ دەبین ئەدەبەکەی خستە خزمەت جەختکردنەوە لەسەر چەمکەکانی ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی و لێپرسراویەتی تاکەوە.
ئەگەرچی رەنگە ئەو دیمەنەی کە باسمان کرد بونیادی هونەری و تەکنیکی نواندنی هێندە باڵا نەبێت و زیاتر پشتی بە تەکنیکی سادەگۆیی و راستەوخۆیی بەستبێت، بەڵام دواجار بە تەواوی لە خزمەتی گوتاری نمایشدا بوو و بووە زەنگێک بۆ بینەر– کۆمەڵگا.
بۆیە بۆ خوێندنەوەی ئەم هەوڵەی دەرهێنەر دەتوانین چەمکی (مەبەستداری)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیدمۆند هۆسرڵ) بەکاربهێنین کە یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئایدیا فەلسەفییەکەی و پێیوایە مەبەستداری بریتییە لە ئاگایی، هەمیشە ئاگاییەکە بە شتێکی دیاریکراو، بۆیە گووتاری نمایش دەکرێ لەم دیدگایەوە بخوێندرێتەوە کە بریتییە لە ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نیازی دەرهێنەر–نوسەر بۆ ئەزموونێکی مەلموس لەسەر تەختەی شانۆ و لەوێشەوە ببێت بە پردێک بۆ گەیاندنی مانا و واتا شاراوەکانی پشتی نیازی دەرهێنەر بە بینەرداڕشتنەوەی گوتار لە نێو سیستەمی دەرهێنانەدا



هەر لە دیمەنی سەرەتاوە بینەر بەر هەوڵەکانی دەرهێنەر بۆ داڕشتن و دامەزراندنی گووتارێکی روون دەکەوێت کاتێ دەبینین کارکردن لەسەر کۆمەڵێک سرووتی کۆنی ئاهەنگئامێزی کوردی و ماتریاڵی وەک خاکەناس و بەرد و ئاگر و دەنگبێژی و یاریی ناوچەیی دەبێت بە دەستپێکی نمایش، ئەم کارکردنە ئاماژەی ئەوە دەداتە بینەر کە پێویستە خۆی بۆ بەرکەوتنی گووتار و ئەتمۆسفێری کوردی ئامادە بکات.
لە دیمەنی دواتردا ئەم هەوڵە روونتر دەبێتەوە و تەنانەت دەگاتە پلەی کامڵبوون کاتێ دوو ئەکتەر وەک نوێنەرایەتی دوو جەمسەر لەرێگەی دوو شمشێری ئاگراوییەوە دەکەونە ململانێی یەکترەوە و یەکێکیان ئەویتر لەناو دەبات، ئەمیش بە سوودوەرگرتن لە ماتریالی ئاگر کە لە کۆنەستی کوردیدا هەڵگری مانا و دەلالەتی قوڵترە بە گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکانی پێشووی.
دەرهێنەر دەیەوێت لە رێگەی ئامادەگی دەنگ و ستران و لاوک و هەلهەلەوە، بینەر بباتەوە ناو مێژوو کە تاکی کوردی هەمیشە دەنگ و دەنگبێژی وەک ئامرازێکی مانەوەی خۆی بینیووە، لێرەشدا بۆ دامەزراندنی گووتاری نمایش دەرهێنەر بەدروستی سوودی لەو ئامرازانە وەرگرتووە و لەناو سیستەمە ئیخراجیەکەیدا هونەرییانە دایڕشتوەتەوە.
هەر لە چوارچێوەی گوتاردا دەرهێنەر (ها عەبدولعەزیز) ووردی کار لەسەر رەخنەکردنی دەسەڵات دەکات بەڵام گرنگی ئەو هەوڵە لەوەدایە بەبێ پەنابردن بۆ جنێو و سوکایەتی و تەکنیکی راستەوخۆیی ئەنجامی دەدات، کە بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا هانابردن بۆ بەکارهێنانی جنێو و وشەی بازاری بەبیانوی رەخنەکردنی دەسەڵات و سیستەم بەجۆرێک زاڵ بووە بەسەر بەشێک لە نمایشەکاندا کە لە کۆتاییدا تەواوی تەکنیک و ئاست و بەها هونەرییەکەی کردووە بە قوربانی و نمایش زیاتر وەک پانتاییەکی سادەگۆیی و دروشمبازی دەرکەوتووە.
بەڵام لە شانۆیی (دادگەیێ شاهمارانێ) بە داڕشتنەوەی کەسایەتی دادوەر بەشێوەیەکی تێکشکاو و بێئاگا و بەخشینی فۆڕمێکی هەزەلی و گاڵتەجاڕانە بەتایبەت لە رووی دەنگ و جەستەوە، هەروەها نیشاندانی کەسایەتی (پۆلیس–پاسەوان)ی دەسەڵات بەشێوەی گاڵتەجاری و پێکەنیناوی، بێگومان ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە ئەکتەری خاوەن جەستەی ئامادە و نەرمونیانی وەک (عومەر عادل و مستەفا رێبەر و ئاراس) دەرهێنەر توانی لە فۆڕمێکی هونەری باڵادا توندترین رەخنە لە دەسەڵات بگرێت و پێیان بڵێت تاوانی ئێوە زۆر لەو خەڵکە زیاترە کە ئەمرۆ ناتوانن رابردووی خۆیان بناسنەوە.
کارکردن لەسەر دورستکردنی شوناس بۆ شانۆ لە کوردستان ساڵانێکە بە تەواوی پەراوێز خراوە، ئەوەی کە هەیە شانۆ لە پێناو شانۆدا دەکرێت، دەردی کوشندەی شانۆکەی ئێمە نەبوونی فۆڕم و شوناسێکی نەتەوەیی–کلتوریی کوردییە لە نمایشەکانمان، دەرهێنەر لە (دادگەیێ شاهمارانێ) زۆر بەڕوونی لە زاری کارەکتەرێکەوە ووتی من چی لە شکسپیر و تۆڵستۆی و ...هتد بکەم لە کاتێکدا خۆم تائێستا نەمتوانییوە شوناسێک بۆ خۆم دیاری بکەم لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەوڵەمەندترین باکگراوندی کلتوری و کەلەپوری و مێژوویم بۆ ئەوەی بتوانم بیکەم بە ماتریالی بەرهەمە هونەرییەکانم؟! جەدەلیەتی جیهانیبوون و لۆکاڵییەت لەمێژە هەیە بەوەی کە بەرهەمی هونەری لە لۆکاڵیەتەوە دەچێتە قۆناغی جیهانیبوون یان بەپێچەوانەوە، بێگومان ئەوەی یەکەمیان راستە کە پێویستە سەرەتا کار لەسەر لۆکاڵییەت بکرێت بۆ ئەوەی ببین بە جیهانی.





# حەز و هێز

کاوەی ئاهەنگەر

کاتێک باس لە شانۆی کوردی دەکرێت، ئاساییە قسەکردن لەسەر بنچینەی کارەسات و چەمکی گێڕانەوەی کوردیە، ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی تایبەتن بە گەلی کورد، واتە ئەفسانە و ئوستورە و مێژوو و ئایین و ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤی کورد. پێویست بە گوتن ناکا کە دەبێ وەکوو میراتێک لە یادەوەری بەکۆمەڵی گەلی کورددا بپارێزرێن، بنووسرێن، نیشانەناسی بکرێن و نوێنە کەوناراییەکانیان(کهنالگو) پێناسە بکرێ. بە توێژینەوە و لەبەریەکدانان لەگەل ئەدەبی دەرەکی، لایەنی وێکچوون و سەربەستبوونی پێکهاتەی گێڕانەوەی شانۆیی شی بکرێتەوە و بناسێندرێ تاکوو لە مێژووی هونەری جیهانیدا وەکوو ژانرێکیهونەری یا شێوەیەکی تایبەت لە جوانیناسی پێناسە و ڕەچاو بکرێ. ئینجا وەکوو بەشێک لە مێژووی هونەر، شوێنپەنجەی کورد تۆمار کرێ.

هەندێ کارەسات و داستان و ڕۆمانسی دیکەی مرۆڤی کورد لەگەڵ مرۆڤی وڵاتانی تر لە ڕووی بابەت و ناوەڕۆک هاوبەشیان هەیە.

ئەم سەربەستی(جیاوازبوون) و وێکچوونانە وەک بنمیچ وسەربانێکی هاوبەش وایە کە مرۆڤەکانی جیهان هەر کامیان کۆڵەکەی تایبەتیی خۆی وەبەر دەنێ. بەم جۆرە مروڤایەتی لێکیان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەیری هونەر و دیاردە جوانەکانی یەکتر بکەن و گفتوگۆی شارستانی وەدی بێ. بەڵکوو بتوانن ئازارەکان کەم کەنەوە یا بیری لێ بکەنەوە و بە پرسیار و بەرخۆدان و بەرەنگاری شانۆیی بەری پێ بگرن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە تاکوو ژیان بۆهەڵکردن و پێکەوەژیانی مرۆڤایەتی هێندێک ئاسوودەتر بێت.

ئاستی ئێستای شانۆنامە کوردیەکان و فۆرمی ئەدەبی دراماتیکیی کوردی لە چ قۆناخێکدا بوونی هەیە؟ من لە وتەی بەهمەن فۆرسی دەرهێنەری ئێرانی کەڵک وەردەگرم کە دەفەرموێت "هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت شانۆی هەبێت مەگەر ئەوەی کە ئەدەبیاتی دراماتیکی ببێت". بێ گومان نەتەوەی کورد وەک زۆرێک لە گەلانی جیهان خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی و هونەرییە کە لەسەر بنەمای مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایینی دامەزراوە، میراتێکی ئەدەبی تەژی لە توخمی دراماتیک و جوانیناسی هەیە. ئەم ڕابردوو ئەدەبییە پێویستی بە دەستنیشانکردن و بە مێژووکردن و وەسەریەکخستن(تدوین) هەیە.

ئەدەبیاتی دراماتیک پێویستی بە پشتیوانی توێژینەوەیی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ گەشە بکات، بۆیە دەبێت بناغە و خمی قووڵی بۆ دابین بکرێت. ئەگەر لە ڕابردوودا ئەمە ڕووی نەداوە، نەوەی ئەمڕۆ ناچارە پلانێکی نوێ بۆ وەگەشەکەوتن و وەگەڕخەری(دینامیزم و پویایی) ئەم هونەرە پاکە دابڕێژێت، ئەگەرنا ئەدەبیاتی دراماتیک بە بێ توێژینەوە و بێ ئەرشیف و سەرچاوەی باوەڕپێکراو وەکوو پێچێکی



هەرز و سواو هەر لە شوێنی خۆی ئەخولێتەوە و ڕێگری دەکات لە گرسانی فیگەر و پێکهاتەی هونەری دراماتیک و نواندنی شانۆیی.

زیان و خەساری زاڵ و گشتیی شانۆنامەی کوردی، بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتە و لایەنی تەکنیکی شانۆنامە، نەبوونی دەربڕینی زمانی درامی شانۆیی کوردیە، یان بە شێوەیەکی باشتر، نەگەیشتنە بە ستاندارد یان پێوەری گشتگیر و نەتەوەیی. زمانی کوردی لە پەرەسەندن و گەشەسەندنی مێژوویی خۆیدا پێشکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە زمانێکی ئەدەبی و دراماتیکیی پێوەر یان زمانێکی ستاندارد و هەمەلایەنە، زمانێک کە شانۆنامە وەکوو بەرهەمێکی سەربەخۆی ئەدەبی پێناسە بکا. لەم ساڵانەی دواییدا جۆرێک لە ناوچەگەرایی یان پشتگوێخستن و خۆ پێوە ماندوونەکردن لەم ئاراستەیەدا دەبینرێت، کە خۆی لە هەوڵدان بۆ نووسین بە شێوەزارە لۆکاڵییە جۆراوجۆرەکانی کوردی نیشان ئەدا. لەم پرۆسەیەدا، ئیرادەیەک بۆ گەیشتن بە زمانی پێوەری دراما بۆ شانۆنامەنووسین چاوەدێری ناکرێت، یان ئەگەر ببێت، زۆر لاوازە. ئەم زیانە بۆ نەبوونی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە پاشخان و مێژووی ئەدەبی دراماتیکیی جیهان بە گشتی و کوردی بە تایبەتی دەگەڕێتەوە. هەروەها جێگای خاڵی فەرهەنگ و وشەنامەی پیشەیی دەستەواژەکانی شانۆیی لە سەر بنەمای زمانەوانی وەبەر چاو دێ. توانای شانۆنامەنووسەکان کەمە و هەندێک جار بە بێباوەڕییەکی تەواوەوە دەبینرێت کە شانۆنامەی ڕەسەن بە زمانی باڵادەستی وڵاتانی کوردستان نووسراوە و دواتر وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی. لەم جۆرە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی دراماتیکدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە لەو دوو دەقە نووسراو و وەرگێڕدراوەکە، کامیان زیاتر کوردییە؟! کامیان ڕەسەنترە؟ کامیان ئەسڵییە و کامیان کۆپی!!

لە لایەکیتر تێگەیشتن و ناسینی شانۆ بە بێ خوێندنەوە و شرۆوە و وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەر و دەرهێنەرە گەورەکانی جیهان بۆ زمانی زگماکی بە ئاکام ناگات. شانۆی کوردی هێشتا ئەرشیفی سەرچاوە و شاکارەکانی شانۆنامەنووسانی جیهانی نییە، یان ئەگەر هەیبێ، ڕیزێک لە ڕەفەی کتێبخانەیەکی بچووکی ماڵەوە پڕ ناکاتەوە. ئەم وەرگێڕانە پەرش و بڵاوانەی هێندێک لە هونەرمەندە شاز و سەرکەوتووەکانی جیهان بەس نین. بێ گومان بۆ ئەوەی ئەدەبیاتی دراماتیکیی کوردیمان هەبێت و زمانی دراما بناسین، پێویستمان بە شەپۆلێکی مێژوویی یان پڕۆژەیەکی گشتی هەیە لەنێو ئەکتەرانی شانۆدا بۆ ئەوەی کتێبخانەی ئەدەبی دراماتیکی و ڕەخنەیی کوردی ئیتر بە بەتاڵی سەیر نەکرێ! پێویست بە گوتن ناکات کە وەرگێڕان شمشێرێکی دوودەمە و ئەگەر وەرگێڕ بە زمانەکانی ژێدەر و ئامانج شارەزا نەبێت و پێشینەی ئەدەبی دراماتیکیی و ناسینی قوتابخانەڕەخنەییەکانی نەبێت، نەبوونی باشترە! وەرگێڕان ڕەوتی دوولایەنە یان فرەلایەنەیە کە ئەگەر پیشەیی بێت پردێک لە نێوان ئەدەبیاتی دراماتیکیی گەلانی جیهاندا دروست دەکات و ئەم دیالۆگە کولتوورییە بۆ شانۆی جیهانی بنیاتنەر دەبێت ووەگەڕخەری(دینامیزم) و گەشەی ئەم هونەرە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

رەخنە

# شانۆی پیاوی رووت و خودان چاکیت

دەرهێنەر: توورەج پاکپوور



حەمەسوار عەزیز

داریۆفۆی ئیتالي یەکێکە لە گرینگترین شانۆنووسەکان کە هەمووکات توانیویەتی گوتارێکی تایبەت لەشانۆی پێشکەش بکات، شانۆییەک کە بە تـەواوی زادەی کۆمەڵگا و پەیوەندییـــە دژوارەکانی نێو کۆمەڵگایە و لــە هەناوییدا چەکەرە دەکات، ئەو لە پاڵ ئەوەی کە هونەرێکی مۆدێرن و جیاواز پێشکەش دەکات، چێژیش دە کاتەبنەمایەکی سەرەکی پەیوەندی هونەر بە وەرگرەوە، چوونکە چێژ نزیکترین کەناڵی گەیشتنە بە بینەر و دەتوانرێت یەکانگیری نێوان نمایش و وەرگر درووست بکات.

لەم تەکێستە شانۆییە داریۆفۆ بەشێوەیەکی تایبەت کار لەسەر رووتکردنەوەی کۆمەڵگا و ئەو سیستمەکۆمە ڵایەتی و ئابووری و سیاسیانە دەکات کە بوون بـە بارێکی سەخت بە سـەر ژیان کردنی تاک و مرۆڤیـــان لە خەسڵەت و سیمای راستەقینەی خۆی داماڵیوە و وەک کەرەستەیەک و شێوە و فۆرمی کەرەستەکە مامەڵەی لە گەڵ دەکەن، داریۆفـۆ دێت ئەو سیما و فۆرمــە ساختە و درووستکراوەدادەماڵێت و مرۆڤەکان و سیستمــەکان دەخاتە بەردەم رووتبوونەوەیەکی هزری و بۆنیادی کە تێیدا ئەو تەباییە ساختە و درۆزنانەی نێوان سیما و ناوەرۆک کەشف دەکات و پەیوەندی راستەقینەی نێوان ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ دادەڕێژێتەوە و پێگەی هەر مرۆڤێک و دەسەڵاتێک دەخاتە نێو رووبەڕووی خۆی و نیشانی دەدات، ئەو سیستمە سەرمایەدارییە رووت دەکاتەوە و دەیانخاتە نێو تەنەکەی خووڵ و خاشاکەوە و بەو شێوەیەی کە تەریبە لە گەڵ ئەو رۆڵە ئابووری و سیاسیەی کە ئەو سیستمە دەیگێڕێت لە پیادەکردنی کۆمەڵگایەکی ناتەندرووست کە تێیدا بەهای مرۆڤەکان بە بەهای شێوە و فۆرم



و سەرمایەکانیان پێوانە دەکرێت، بەم شێوەیە هەوڵ دەدات پێگە و پەیوەندی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون و خزمەتی زیاتری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا دابرێژێتەوە، ئەو ژینگە پارێزەی کە هەموو شەوێک پاشماوەی قیزەونی ئەو کۆمەڵگایە پاک دەکاتەوە و دەیکاتە سەردەستەی کۆمەڵگا و بڕیاردەر بەسەر چارەنووس و لەواقیعە شانۆییەکە بەرزي دەکاتەوە بەسەر ئەو لایەنانەی-تر کە لە رێگەی دەسەڵات و سەرمایە و پێگە و شێوەساختە کەیانەوە، کۆمەڵگا دەکەنە رووبەری بەدەستهێنانی بەرژەوەندی زیاتر و چێژی زیاتر و دەسەڵاتی زیاتر، ئەم راستییەش گرێمانەکردنێکی گرۆتێسکی نووسەرە بۆ واقیع و دوورە لە واقیعی راستەقینە.

ئەم کارکردنە گرۆتێسکییەی داریۆفۆ لەسەر کۆمەڵگا و کارکردن لەسەر کۆکردنەوەی دژەکان و ئاوێتەبوونیان لە نێو فۆرمێکی ناباودا کە وا دەکات مرۆڤەکان و چینە باڵادەستەکان لەو پێگە سیاسي و کۆمەڵایەتییە ساختەیە دابماڵێت کە تەریب نییە لەگەڵ پێگەی خۆرسک و راستەقینە و ئەو شایستەییەی مرۆڤەکان لە رێگەی بیرکردنەو رەفتار و بەهاکان بە دەستی دێنن، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی شانۆی داریۆفۆ و تێیدا هەوڵ دەدات رووە نەبینراوەکەی کۆمەڵگا و دەسەڵات و پەیوەندییەکان و سیستمەکان وێنا بکات و لە فۆرمێکی تەنزئامێزی بچوک کراودا دایانبڕێژێتەوە.

دەرهێنەر هەوڵیداوە ئەو بیرکردنەوەیەی داریۆفۆ بباتە نێو ریتم و جەستەی نمایش و نمایشەکە لەو فۆڕمە ریالیستییە باوە بترازێنێت و شێوازێکی سەروو واقیعي پێ ببەخشێت و کارەکتەرەکان لەو رەهەندەواقیعییە درباز بکات و بیانبات بۆ نێو فۆڕمێکی بەشانۆکراوی هونەری کە تێیدا مۆبالەغە و زیادەرۆیی دەبێتە فۆڕمی سەرەکی کارەکتەر و پەیوەندییەکانیان لە دونیای واقیعی دەترازێت و دەبێتە بەشێک لەدونیای گریمانەکراوی نورو دە رهێنەر بۆ واقیع، ئەم کارکردنە کە فۆرمی بە شانۆکردن تێیدا شوێنی لاسایي کردنەوە و بەرجەستەی ریالیستی دەگرێتەوە، نمایش بە تەواوی لە تێگەیشتنــە باوانە دادەماڵێت و وەک گرێمانەیەکی ئێستاتیکی کاری لەســەر دەکات، بەم شێوەیەش کارەکتەر لە رەهەندە نەریتگەراییەکانی بەتاڵ دەکاتــەوە و بەرەو دونیای کاریکاتـۆر و کارەکتەری گرێمانەکراو هەنگاو هەڵدەگرێت.

ئەم فۆڕمە شانۆییە پێویستی بە ئەکتەری بە ئاگاو وشیار هەیە بۆ ئەوەی لە نێو مەنزوومەی ئەدا کردندا جۆرێک لە تەریبوون بە فۆڕم و بونیادی نمایشەکە پیادە بکات و بە تەواوی دووربکەوێتەوە لەو فۆڕم و شێوازە بەرجەستەکردنەی کە واقیعي سایکۆلۆژی تێیدا باڵادەستە، ئەکتەر لەنیو رووبەری یاریکردن و ئەداکردن جۆرێک لە ئەدای تەقدیمی دەرەکی دەبێ پێشکەش بەکات و فۆڕمی ئەدا بباتە نێو ئەو رووبەرە گرۆتیسکییە کە تێیدا کاردانەوە و بەرجەستەکردنی ئەکتەر بە شێوەیەکـــی ناباو و جیاواز لەپێشبینیـــي کراو دەربکەوێت و شۆک بۆ بینەر درووست بکات، ئەم ئەدا کۆمێدییە تەنزئامێزە کە جۆرێکەلە گاڵتەکردن بەو سیستمە و شەرمەزارکردنیە تی کە هەمیشە مرۆڤەکان لە رێگەی دەسەڵات و پێگەی ئابووری و شێوە و فۆڕمەوە ریزبەند دەکــەن، داریۆفــۆ ئەو واقیعە لە نێوان واقعێکی...



رەخنە

حەمەسوار عەزیز

نابـاوی بە شانۆکراو رووت دەکاتەوە و مرۆڤەکان دەباتەوە سـەر مەعدەن و خامەی راستـەقینەی خۆیان و بەو شێـــوەیە و بە بێ هیچ ماکیـاژو داپۆشینێک وێنایان دەکات و رووتیان دەکاتەوە، رووتبـوونەوەیەکی ناوەکـی و بابەتی کە زیاتر پێویستە بەرووتبوونەوەکی هزری و ئەقڵـی نە وەکوو رووتبـوونەوەیەکی جەستـــەيي و دەرەکی.خاڵێکـی زۆر گرینگ لە نواندنی ئەم شێـوە نمایشـە ئەوەیەئەکتـەر وەزیفە هونـــەری و درامییەکەی خۆی دەبێ بەرجەستە بکات و چێـژ بە وەرگر ببەخشێت، چوونکە لەم تەرزە نمایشە و ئەم گاڵتەجاڕییەبەرجەستەکراوە،دەچێتەنێـو رووبەری گوتاری بابەتی و ئێستاتیکی نمایش و بەشێکی ئەو بونیادەی کە نووسەر لە پاشخانـی شانۆی مۆلیر و کۆمیدیای دیلارتی ئیتالی بـۆي ماوەتەوە.







رەخنە

رەحمان عەزیزی

# پیاوی رووت و خودان چاکیت

یەکەمین شانۆی نۆزدەهەمین فێستیڤاڵـی شانۆی کوردی سەقـــز"پیاوی رووت و خودان چاکیت" لە نووسینـــی داریۆ فو ، شانۆنامەنووسی ئیتاڵیا، کارێکـــی تەنز کە بە کەڵک وەرگرتن لە توخمە کۆمیدییەکان ڕەخنــە لە پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگرێت.بە دەرهێنانی تۆرج پاکپوور پێشکەش کرا.

باسی دەقی شانۆ ناکەم.دەرهێنەری شانۆکە زیاتر لەسەر بنەمای بارودۆخی کۆمیدی و دیالۆگەکان و لە شێوازی کۆمیدیا دل ئارتە چووەپێشەوە.

بە هۆی ڕەخنە توندەکانی لە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی لــە پشکنینەکان ڕزگاری بێت، میتۆدی گراملــۆک یان زمانی توخم و ئۆبژە و شتەکان بۆ دەربڕینی پرسەکان کەڵکی وەرگرت.

دەرهێنەر نیشانیدا کە تێگەیشتنێکی دروستی لە زمانی سادە و ڕەسەنی داریۆ فو هەیە. شێوازی گێڕانەوەکەی لە دەقەکە تێکەڵەیەک لە نوکتە و زیادەڕەوی و ئیرۆنییـــە، ئامرازێکی کاریگەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینـــەر بۆ بابەتی جددی و قووڵ. بە لێهاتوویییـەکی ناوازە، بە نوکتەی تاڵ و کاریگـــەرەوە ؛ئیمپرۆڤیزەکردن و دۆخـــی گاڵتەجاڕانە، بەکارهێنانی کارەکتـــەرە تایبەتەکان بۆ ڕەنگدانەوەی گروپە کۆمەڵایەتییـــەکان،توانی چــــەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەردەبڕێت. ئەم بەرهەمە نەک هەر بینەر سەرقاڵ دەکات، بەڵکو هانی دەدات بیـر لە دۆخی کۆمەڵگا بکاتەوە.








کەریم خاوەری

# شانۆی سێهەم

یوجینێو باربا بەدی هێنەری بیرۆکەی شانۆی سێهەمە
ئەوان بە پەیوەندی نێوان ئەندامانی گرووپ لە گەڵ خۆیان و گرووپی شانۆ و هەروەها لە گەڵ بینەران زۆر گرینگی ئەدەن هەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی بارووده‌ۆخی ئاسایی و ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەرەو رەوتێکی شانۆیی ببەن. لە ڕوانگەی بارباوە لە لایەنێکەوە شانۆی فەرمی هەیە بۆ خولقاندنی بەرهەمی بەنرخ و گرینگ، ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕاستیدا بە پشتیوانی و ناوجێکەری دەوڵەت بەدی دێت و وەکوو تەسویرێکی زیندوو لە رووبەڕووی داهێنەراندا لە گەڵ دەقی شانۆیی لە ڕابردوو و ئێستەدا ببینرێت. یان تەنانەت بە فۆرمێکی " ڕەسەن" لەم کارەی کە شادی هێنەرە و پێی سەرقاڵ بوون سەرنجیان بدەن و یارانەی دەوڵەت وەربگرن.

**لە لایەکی دیکەوە شانۆیەک هەیە کە پێی دەڵێن ئاوانگارد، بەئەزموون، هەڵچوو، هەراوهۆریا و خوازیاری گۆرانکاریە و هەمیشە بەرەو نوێکاری یان رەسەنی تازە پێش دەچێت.**

رەسەنێک کە زاڵ بوون بەسەر داب و نەریتدا بە پێویست دەزانێ. بەڵام شانۆی سێهەم لە پەراوێزدا دەژی و زۆر جار لە دەرەوە یان دەورووبەری کانوونی دەسەڵات دایە. ئەم شانۆیە، بەدی هێنەرانی مرۆڤ گەلێکن کە خۆیان وەکوو ئەکتەر، دەرهێنەر و چالاکانی شانۆ دەناسن، بێ ئەوەی لە میتۆدی باو لە شانۆگەریدا خولی فێرکاریان تێپەڕ کردبێت. و هەروەها ئەم مرۆڤگەلە وەکوو هونەرمەندانی پرۆڤیشناڵی هاوچەرخ ناناسرێن، بەم پێیە ئاماتۆریش نین و تەوای رۆژیان بە کاری شانۆ سەرقاڵن و ژیان بە شانۆ بۆ ئەوان مانای هەیە. بڕێجار بە پرۆڤە و هەندێ جار بە بەرهەم هێنانی شانۆگەری جیاواز بۆ ئەوەی بینەران بۆ لای خۆیان بانگهێشت بکەن.
لاوان لە ئۆرووپا، ئامریکا، لە ئۆستراليا و ژاپۆن پێکەوە کۆ دەبنەوە و" شانۆی سێهەم" پێک دەهێنن. ئەوان وەکوو ئەم دوورگە وان کە لێک دابڕاون بێ هیچ پێک گەیشتنێک و پەیوەندییەک لەگەڵ یەکدا، بە هەموو ئەم بابەتانەوە پێکەوە گرووپی شانۆییان پێک هێناوە و بریاریان داوە بە ئیرادەی پتەو ژیانی شانۆییان بەردەوام بێت.

**لەوانەیە لە شانۆی سێهەم شتێک بەدی بکرێت کە گرینگی زیندوو بوونی شانۆ ئاشکرا بکات. هونەرمەندانی جوراوجۆر لە وڵاتانی جیاواز، لە شانۆ ئەزموون گەری دەکەن و لە نێوان پێداویستی تاکەکەسی و پەرەپێدان بەم پێداویستیانە لەگەڵ واقعییەتەکانی دەوروبەریان رووبەڕوو دەبنەوە.**



## وتــار

## شانۆی سێهەم

کەریم خاوەری

گرووپی شانۆ بە چەن دەستەی فەرعی دابەش دەکرێن و چەندین بنەماڵەی هونەری لە دڵی یەکەی گەورەتر پێک ئەهێنن؛ ئەکتەرەکان دەنێرنە شوێنە جیاوازەکانی دونیا بۆ کاری شانۆ، بۆ ئەوەی لە شانۆ و هزر و بیری کەسانیتر کەڵک وەرگرن و لە کاتی گەڕانەوەدا دەسکەوت و ئاکامی تێکۆشانی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەیان دابەش دەکەن و بەم جۆرە شانۆی سێهەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا پەرەی سەند.
روانگەی دەرهێنەرانی ئۆروپا بەس بۆ ئاسیا نیە بەڵکوو ئافریقا، دوڕگەی کارائیب و ناوچەی ناخۆیی ئامریکا لە بەرچاو دەگرن. دەرهێنەران بە هاوفکری و هاوبیری ئەزموون و زانیاری خۆیان دابەش دەکەن. بەم جۆرە ئەکتەرەکان لە کولتووره جیاوازەکان، تەکنیکەکان، گۆرانییەکان، چیرۆکەکان و فۆلکلۆره تایبەتیەکانی ناوچەکەیان ئاڵ و گۆڕ دەکەن.
**لە نێوان گرنگترین چالاکیە جۆراوجورەکانی ئەزموونگەری یۆجینیۆ باربا سەفەری نێۆ شاری یان نێو وڵاتییە، یانی ڕۆیشتن لە شار یان وڵاتێکەوە بۆ شار یان وڵاتێکی-ترلە ژێر ناوی " سەفەری ئاڵوگۆڕی هاوفکری "** کە ئەندامانی گرووپی شانۆی ئودین بۆ ئۆروپا، ئافریقا و ئامریکا سەفەریان کردووە. شانۆی سێهەم لە روانگەی شانۆی ئودین، ئەو شانۆیە کە بە پەیامەکانی لەگەڵ ژیانی دەروونی و بینەران رووبەڕوو ئەبێتەوە.
لە شانۆی سێهەمدا ناوەڕۆکی کۆمەڵناسی شانۆ، گرینگی زۆرترە لە لایەنی جوانی ناسی. بە پێچەوانەی شانۆی فەرمی و شانۆی ئاوانگارد کە لە سەر بەرهەم هێنان، رەنگ دانەوەیان دابەش کردنی فەرهەنگ تەرکیز دەکات، شانۆی سێهەم لەسەر پەیوەندی دامەزراوە: پەیوەندی نێوان کەسایەتی لە گرووپێکی تایبەت، پەیوەندی ئەوان لە گەڵ گرووپە شانۆییە کانی دیکە، و سەرەڕای هەموو ئەوانە پەیوەندی لەگەڵ بینەران. ئەم تەرکیز کردنە لە سەر پەیوەندییەکان لە شانۆی سێهەم، لە ناخی کەسایەتی و رۆڵی ئەو لە کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرێ. رەوتی چۆنیەتی پێک هێنانی شانۆ لە شانۆی سێهەم گرینگترە لەو بەرهەمەی لە ئاکامدا بەدی دێت.
تا ئەو رادەی کە لە نێوان ژیانی تاکەکەسی و ژیانی پرۆڤیشناڵی ئەکتەرەکان کەم ترین جیاوازی هەیە. لە لایەن ئەندامانی شانۆی سێهەم فۆڕم و ناوەڕۆک کەم ترین گرینگی هەیە. و لە لایەکی دیکەوە، فەلسەفەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی گرووپێ، چۆنیەتی بەدیهاتنی ئەم فەلسەفە لە کاری رۆژانەی گرووپ و چۆنیەتی دەنگدانەوەی یان لە بەرهەم هێنانی گرووپ لە هەموو شتێ گرینگی زۆرترە.

* لێکۆڵەر، دەر هێنەر و ئەکتەری شانۆ.

## شانۆ بێ عە شق، زۆر ئەستەمە



شەمسی سادەقی

نگاه کلی من به آثاری که در مرحله ی بازبینی مورد داوری قرار گرفتند بر مبنای توجه به خلاقیت و نوآوری در تئاتر امروز بود.
خلاقیت در محتوا و اجرا.
همینطور میزان جدیت و مسئولیت در کار، در پرداختن به مقوله ی نمایش و صحنه.
متاسفانه در اغلب اجراهایی مورد بازبینی، بسیار کم شاهد آثاری بودیم که این فاکتورها درآنها وجود باشد. چند کار قوی و در خور توجه بود و طبیعتا لذتبخش اما بیشتر کارها ضعیف بودند و فاقد اصول اولیه اجرا، بازی ها ضعیف، غلو شده، استفاده غیرضروری از موسیقی، ریتم های نادرست و اغلب کُند، استفاده ی زیاد از آوانسن برای تک گویی هایی که هیچ لزومی نداشت، یا استفاده از تابلوهای زیاد با طراحی های نور که مخاطب را دلزده و از موضوع اصلی نمایش دور می کرد.
اغلب اجراها خام بود چه در زمینه ی کارگردانی و چه بازیگری . یکپارچگی و انسجام در کارها دیده نمی شد نوعی شتابزده گی در اجراها بود .گویی تمرینات با عجله صورت گرفته، قرار بوده با مدت زمان کم کار به جشنواره برسد و یا اگر اجرا عمومی در کار بوده بدون بازنگری و توجه به این که کار مناسب جشنواره تئاتر کوردی هست یا نه، کار ارسال شود به دبیرخانه جشنواره.
به هر حال ضمن خسته نباشید به همگی عزیزانی که در جشنواره تئاتر کوردی شرکت کردند ، این را میگویم که * کار تئاتر بدون عشق به آن ،ممکن نیست*
برای حضور در یک جشنواره بایستی هنرمند از قدم اول تا آخرش را عاشقانه بردار، اگر عجله باشد و مسئولانه عمل نکنیم ، ناکام می مانیم.



# تاثیر تئاتر بر شکل گیری مفهوم شهروندی

تئاتر به واسطه ارجاعات متنی و تاثیرپذیری از زمینه مادی خود از نشانه های فرهنگ شهری به شمار می رود. در واقع، محتوای متن هیچ گاه ثابت نیست و موقعیت مادی اثر در تعیین و تعین آن دخیل است. «معنای تئاتر به موقعیت مادی وابسته است، این معنا در ساحت تئاتری و فرهنگی به روشی بستگی دارد که اثر به وسیله آن تولید و دریافت می شود. این موقعیت همچون ضمیر ناخودآگاه سیاست عمل می کند و به واسطه متن اهداف و مقاصد خود را بیان می کند.»

صحنه سیاست امروز جهان آشکارتر از گذشته به ما می گوید که: شهروندی یک ویژگی مادرزادی و یا یک ویژگی فردی و یا یک حالت منفعلانه نیست، بلکه در حال حاضر، فعالیت هایی است که توسط بیشتر افراد در جهت دستیابی و نیل به اهداف سیاسی، اقتصادی یا اجتماعی اما خارج از مجاری رسمی اجتماعی یا سیاسی و به طور غیرمستقیم صورت می گیرد. این نظریه به نوعی تز «هانا آرنت» را نشان می دهد که شهروندی را ناشی از آزادی عمل جمعی در حوزه عمومی می داند. از نظر او شهروندی به معنای شرکت در زندگی عمومی است یا به عبارت دیگر: آزادی و همچنین شهروندی با هم محقق می شوند.

اما مفهوم شهروندی از کجا و از چه طریق شکل گرفت؟ مسئله دوم یا از چه طریق؟ موضوعی است که پژوهشگران زیادی و از جمله «دیوید وایلز» در کتابی با عنوان «تئاتر و شهروندی»، تالیفات «گارنر» در حوزه مطالعات تئاتر، اجرا و شهر در فرهنگ معاصر، مجموعه مطالعات و پژوهش های «اسمیت و دیلون»، و مجموعه «تئاتر و شهر» که شالوده آن آرا و نظریات دولیمور، سینفیلد، کوهن کروز و بسیاری دیگر از دیدگاه متفکران حوزه شهر و تئاتر مورد بررسی قرار می دهند. تحقیقات آنان با آنکه به تاریخ می پردازد، ولی مربوط به امروز است، زیرا در نهایت به این سؤال اختصاص یافته است که چگونه تئاتر امروز ممکن است با جامعه ارتباط برقرار کند؟ وایلز با ردیابی ریشه های این موضوع و استناد به اندیشه های هابرمارس و هانا آرنت در مورد الزامات یک حوزه عمومی دموکراتیک، ایده شهروندی و ارتباط آن با تئاتر را بررسی می کند. با انجام این پژوهش ها، وایلز دیدگاه تاریخی جدیدی را در مورد رابطه بین تئاتر و سیاست ارائه می دهد و همزمان اثبات می کند که این دیدگاه برای تئاتر و رقص معاصر نیز مهم است. کار او به ویژه از این جهت قابل توجه است که تنها به تجزیه و تحلیل متون تئاتری بسنده نمی کند بلکه تئاتر را در وهله اول از نظر اجرایی و نحوه تحقق آن مورد ارزیابی قرار می دهد.





وایلز موضوع مورد نظر خود را در طول تاریخ اروپا جستجو می کند و سپس یافته ها و مطالب گرانبهای خود را با توجه به بزنگاه های مهم تاریخ تئاتر و فرهنگ در کتاب «تئاتر و شهروندی» به رشته تحریر درمی آورد. در جریان این پژوهش وی ما را به مکانهایی هدایت می کند که در آنجا مردم بیشتر به صورت جمعی و گروهی عمل می کنند تا به طور انفرادی، تا رابطه بین نگرش منفعل یک تماشاگر و تعامل فعال یک شهروند را آن گونه که در نمایش های نویسندگان از دوران باستان تا امروز آشکار می شود، بررسی کند.

با بررسی مطالعات، پژوهش ها، نظریات و تئوري هاي افرادی همچون «مایکل ساندل»، «فردریک جیمسون» و یورگن هابرماس براي اثبات اینکه چرا باید مفهوم شهروندي را دوباره واکاوی کنیم، سه نکته اساسی آشکار می شود:

